# کوردستان بە گوڵی کەرکوکەوە جوانە

**شازاد سەفینی/ سوید١٦-٤-٢٠٠٣**

کەناڵە عەرەبییەکان ئێستا کەوتونەتە خۆیان بۆ ناشیرین کردنی سیما و شێواندنی ڕۆڵی کورد لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا. بە بیٚ هیچ بەڵگەیەکی دیار، ئەیانەوێت تۆوی ناکۆکی لە نیوان گەلانی عێراق بەگشتی و کوردو عەرەب و تورکمان بەتایبەتی بچێنن. پاشان لە هەوڵی ئەودان نێوانی حزبە کوردییەکانیش تێکبدەن. دیارترین ئەو کەناڵانەی کە بە ڕاست و چەپ لەو هەوڵەدان ئەمانەن : (الجزيرة، ابوظبي، المنار) ، ئەمەجگە لەکەناڵە عەرببیە کانی تر کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆ هەمان مەبەست کاردەکەن.

شەوی ١٥/١٦-٤-٢٠٠٣ لە کەناڵی (ابوظبي) لە بەرنامەیەکدا، سەبارەت بە سازدانی کۆبوونەوەی هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراق لەشاری ناسرییە، کۆمەڵێك بابەتی ئەوتۆیان ورۆژاند کە هەر لە عەرەبە شۆفینیستەکان دەوەشێتەوە، کە لە ووتووێژەکەدا بەشدار بوون، لەوانە : ( د. حليم بركات، محمود شام و فاروق الاظمي، هەموویان لە ناوەڕۆکدا دژی ئەو کۆبونەوەیە بوون، بەڵام بۆ دیارخستنی ناکۆکییەکانی نێوان سەرکردەکانی کورد هەموویان ڕێك بوون، بە تایبەتی لە سەر کێشەی کەرکوك. پێیان وابوو کە ڕەخنەکانی مەسعود بارزانی لە مام جەلال لە جێگەی خۆیەتی، چونکە مام جەلال داوا دەکات کەرکوك شارێکی کوردستانی بێت و بۆ باوەشی کوردستان بگەڕێتەوە، بەڵم مەسعود بارزانی داوا دەکات کەرکوك شارێکی عێراقی بێت و بەو شێوەی ڕابردوو بمێنێتەوە، هەروەها لە بەشێك تری قسەکانیان پێیان وابوو، ئەبێت حکومەتێك دروست بکرێت کە ئەمریکا لە دوور و نزیکەوە پەیوەندی پێوە نەبێت. هەروەها ئەوانەی لە ڕابردوو بە ناوی ( (بەرهەڵستکار) ) کاریان کردووە، یان نەمێنن یاخود ڕۆڵییان دەبێت کەم بکرێتەوە، چونکە ئەوانە دەیانەوێت ئیدارەی ئەمریکی بۆ دەسەڵاتی خۆیان بەکار بهێنن.

بۆیە من پێم وایە کە لە کاتە ناسکەدا ئەم ئەرکانەمان لە ئەستۆدایە:

١. پشتیوانی لە کۆبونەوەی ناسرییە بکەین کە داوای عێراقێکی فیدراڵ دەکات.

٢. پشتیوانی لە پاراستنی کەرکوك بکەین کە دەبێت یە شارێکی کوردستانی بمێنێتەوە و لە ئامێزی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بێت.

٣. داوا بکەین لە هێزە کوردییەکان بە زووترین کات ئاسەواری ( (تەعریب) ) بسڕنەوە، بە ئاشکرا بە عەرەبە تەعریبەکارەکان ڕابگەینرێت، کە ناوچەکانی کوردستان بەجیٚ بهێڵن.

٤. کورد پشتیوانی لە بۆچون و هەنگاوە کوردستانییەکان بکات و هەوڵ بدات کەرکوك بە هیچ شێوەیەك وەك ئیدارەی ڕابردوو نەمێنێتەوە.

٥. ناکۆکییە سیاسییەکان بە تایبەتی دەربارەی کەرکوك وموسڵ نەگوێزرێتەوە بۆ میدیای عەرەبیی و جیهانی، بە ڵکو لە پەرلەمانی کوردستان باس و خواستی لە سەر بکرێت.

لە کۆتاییدا دەڵێم : کوردستان بە کەرکوکەوە جوانە. . . . ، داواکارین سەرکردەکان لە ئاستی لێپرسراویدا بن و شاری کەرکوکیش ئامێزی حکومەتی هەڵبژێرراوی کوردستانی بۆ واڵا بێت. وە ڕاستگۆ بین لەگەڵ ئەو دروشمانەی کە دەڵێین: کەرکوك دڵی کوردستانە و کەرکوك قودسی کورستانە، وە ئەم دوو چەمکەش جگە لەوەی کە کەرکوك بە بەشێکی دانەبڕاو و سەرکی لە کوردستانە، هیچی تر ناگەیەنێت. . وە هەموو شتەکانی تر دوورن لە ڕاستیی ئەو دروشمانەو، خەڵك هەڵخەڵەتاندنە.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.